# چاودێری کوردۆساید لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەشداریی لەزنجیرەیەک کۆنفرانسی نێودەوڵەتیدا دەکات



بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی بەشخوراوی کورد و پێشێلکاریی مافەکانی لە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە، هەروەها بۆ رادەستکردنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژییەکان و کیمیاباران بۆ دەستی داد و یاسا، چاودێری کوردۆساید – چاک لە هەوڵی بەردەوامدایە، ئەمجارەش لە نێو دەیان رێکخراوی مرۆڤدۆستی نێودەوڵەتی و نوێنەرانی وڵاتاندا لە شاری ژنێڤ و لە بارەگای سەرەکی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ئازار و مەینەتیی و دەردەسەرییەکانی کورد دەدات بە گوێی جیهاندا.

لە رێکەوتی 13ی ئەیلول تا 1ی تشرینی یەکەم خولی پازدەهەمی کۆبونەوە گشتییەکانی ئەنجومەنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، کە بارەگای سەرەکی لە شاری ژنێڤە، ساز دەکرێت. چاودێری کوردۆساید سەرەڕای ئەوەی مۆڵەتی بەشداریی لەو کۆبونەوانە وەرگرتوە، بەشداریی کاراش لە زنجیرەیەک کۆنگرە و سیمیناری نێودەوڵەتییدا دەکات، کە لە لایەن (دامەزراوەی ئەلحەکیم)ەوە بەڕێوە دەبرێت. رێکخراوی ناوبراو پلەی راوێژکاریی لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەیە. بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە پەراوێزی کۆبونەوە گشتییەکانی ئەنجومەندا و هاوتەریب پێیان، زنجیرەیەک کۆنفرانس سازدەکات. کە دەیان پسپۆڕ و نوێنەری وڵاتان و کەسایەتی و دۆستانی مافی مرۆڤ بەشداریی تێدا دەکەن، چاودێری کوردۆسایدیش یەکێکە لەو رێکخراوانەی کە لەم کۆبونەوە و کۆنگرانەدا بەشداریی چالاکانە دەکات و وتاری رەسمی خۆی لەلایەن نوێنەرانیەوە پێشکەش دەکات، ئەو بابەتانەی نوێنەرانی چاک بەشداریی دەکات بریتین لە:

– ڕۆژی 9/16 دیالۆگێک لەسەر (تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەڵهاتن لە سزا)
Dialog on „impunity and crime against humanity“

– رۆژی 9/23 ( مافەکانی گروپە ئەتنی و ئاینییەکان لە ناوەڕاست و باشوری ئاسیادا)
„Open dialogue on: human rights of ethnic religious minorities in south and Central Asia“

– رۆژی 9/28 بەبۆنەی رۆژی جیهانی ناتوندوتیژیی (ئەنجامەکانی توندوتیژیی لە نێوان گروپ و ئاینەکاندا و کاریگەرییەکانی لەسەر بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ)
„Celebration of International Day of Non–Violence, Dialogue on the consequences of interreligious and inter–community violence on human rights values“